# بۆ ڕای گشتی کوردستانی (فەرمی و نافەرمی):

# دوو پرۆژەی سیاسی کوردستانی

ئێمە، دەستەیەك لە ڕوناكبیرانی كوردستانی، كە دەستەیەكی تەواو كراوەیە بە ڕووی تەواوی ڕوناكبیران و دڵسۆزانی بیری كوردستانی، ئەوەی خوارەوە ڕادەگەیێنین بە هیوای گرنگیپێدان لە لایەن ڕای گشتی كوردستانی، فەرمی و نافەرمی لە تەواوی كوردستانی مەزن.

كوردستانیان:

بەر لە نزیكەی ساڵێك (لە ناوەڕاستی مانگی ژوون ٢٠٠٥) دوو پرۆژەی سیاسیمان پێشكەش بە سەركردایەتی كورد لە باشووری كوردستان كرد، لە ڕێگەی هەردوو كەسایەتی یەكەمەوە، بەڕێزان مام جەلال تالەبانی وە كاك مەسعود بارزانی، بە هیوای ئەوەی ئەم سەركردایەتیە دەرفەتی بەجێگەیاندنی ئەم دوو پرۆژەیە، لە ڕووی پراكتیكیەوە، بگرنە ئەستۆی خۆیان و هەنگاوی بە ئامانجگەیاندنیان بۆ هەڵێنن. ئەم دوو پرۆژەیە، كە لكێندراون ( لەخوارەوە بەم ڕاگەیاندنە) تەواو لە گۆشەبینینێكی كوردستانیەوە سەرچاوەیان گرتوە و بە مەبەستی باشتر خەملاندنی سیاسەت و دیبلۆماسیە كوردیەكان خراونەتە ڕوو.

كوردستانیان:

دوای تێپەربوونی نزیكەی ساڵێك لە پێشكەشكردنی ئەم دوو پرۆژەیە، دەخوازین بە شێوەی خاڵریزی ئەوەی خوارەوە ڕابگەیێنین بە مەبەستی: (١) تیشك خستنە سەر هەندێ مەسەلەی گرنگی پەیوەندیدار بە سیاسەت و دیبلۆماسی نەتەوەیی (كوردستانی) و (٢) بە دەستهێنانی ئەو پەڕی پشتگیری كوردستانیان لە تاك و گرووپ بۆ ئەم دوو پرۆژەیە:

١-تا بلاوكردنەوەی ئەم ڕاگەیاندنە ئێمە تەنها وەلامێكی زارەكیمان پێگەیشتووە لە لایەن بەڕێز مام جەلال تالەبانی، سەرۆك كۆماری عیراق و سكرتێری گشتی یەكەتی نیشتمانی كوردستان، كە تیایدا جخت لە سەر گرنگی پرۆژەكان دەكات و گفت دەدات كە خۆی بەدواداچوون دەكات لە مەڕ پرۆژەی دووەم، واتە پرۆژەی چارەسەریێكی ئاشتیانە بۆ كێشەی.... (تكایە بڕوانە دەقی پرۆژەكە، لكێندراو بەم ڕاگەیاندنە).

٢-هەرچەندە لە هەمان كاتدا هەر دوو پرۆژەكە پێشكەش بە بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆكی هەرێمی كوردستان و سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان، كراون بە ڕێگەی مەكتەبی بەڕێزیان وە هەرچەندە نامەیەكی بیر خستنەوەش دواتر بە ڕێگەی هەمان مەكتەب ئاڕاستەی بەڕێزیان كراوە، بەلام تا ئێستە هیچ جۆرە وەلامێكمان لە لایەن بەڕێزیانەوە پێنەگەیشتوە.

٣-بەر لە نزیکەی (٢) هەفتە هەر دوو پڕۆژەکان پێشکەتن بە بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کرد، کاردانەوەی بەرێزیان لە سەر هەردوو پڕۆژەکە زۆر پۆسەتیڤانە بوو. بۆ بەستنی کۆنگرەی کوردستانی، بەرێزان هەردوو ئیمکاناتێکی خستە بەردەست وەدرەباری پرۆژەی دووهەمیان (پرۆژەی چارەسەریەکی ئاشتیانە....) بەرێزیان ئەوەی پشت ڕاست کردەوە سەرکردایەتی سیاسی بە باشووری کوردستان کاریان کردوە بە ئاراستەی پرۆژەکە بەلام لە چوارچێوەی دیپلۆماسی نەهێنیدا.

٤-ئەوەی کە بێگومان لە لایەن ڕای گشتی کوردستانیش دەکرێ تێبینی بکرێت، بە تایبەتی پڕۆژەی دووەمیان (پڕۆژەی چارەسەری....)، لە کات و ساتێکی زۆر لەباردا پێشکەش کراوە و دەکرا ئەگەر سەرکردایەتی کورد لە باشووری کوردستان هەندێ هەنگاوی هەڵێنایە بە ئاڕاستەی قسەکردن لەسەر وە گۆڕینەوەی هەندێ سیگنال لە مەڕ کێشەی کورد لە باکووری کوردستان لە گەل لایەنە پەیوەندیدارەکان، دەکرا دیپلۆماسیەی کوردی لە باشووری کوردستان  ئیمرۆ خالّی گرنگی ئەرێنی و گەشی بۆ تۆمار بکرایە. ڕاگەیاندنە گرینگەکانی رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیای سالی ڕابردوو لە شاری ئامەد (دیار بەکر) دەکرا بە توندی یەکبگرنەوە لە گەل پڕۆژە پێشکەشکراوەکە.

٥-ئێمە دەخوازین جارێکی تر ئەوە جخت بکەینەوە کە کارکردنی سەرکردایەتی سیاسی باشووری کوردستان، بە تایبەتی بە ئاڕاستەی بە جێگەیاندنی پڕۆژەی چارەسەری...، دەکرا وە بگرە ئێستاش بە هەندێ درەنگکەوتنەوە دەکرێ خزمەتێکی گەورەی دیپلۆماسی و دۆزی کورد بە گشتی، وە لە باشوور و باکووری کوردستان بە تایبەتی بکردایە. هەروەها ئێمە لەو باوەڕەداین کە بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەرکردنی کێشەکان لە باکووری کوردستان، یا هەرنەبێ کردنەوەی دەروازەیەك بەم ئاڕاستەیە، دەکرا/دەکرێ "هاوپەیمانی" لە نێوان کورد لە باشوور لە لایەك و لایەنی ئەمریکی لە لایەکی ترەوە پتەوتر و توکمەتر بکات و باوەڕی ئەمریکیەکان بە کارامەیی و توانا و سەنگی باشووری کوردستان زێتر بکردایە/ بکرێ. لە لایەکی تریشەوە پێگەی باشووری کوردستان لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسیەوە بەرامبەر بە لایەنی عەرەبی لە عیراق بە هێزتر دەبوو. دیارە دواجار لایەنی عەرەبی لە عیراق ئەوەی نەشاردۆتەوە کە ئەوان خوازیاری هاوکارین لە گەل تورکیا بۆ بە زۆر دەرکردنی هێزەکانی پکك لە باشووری کوردستان.

٦-ئێمە، لە گەل پێزانین و تێگەیشتنمان بۆ باری ناسکی سیاسی و دیپلۆماسی کورد لە باشووری کوردستان وسەرقالّی سەرکردایەتی سیاسی لەوێ بە هەندێ مەسەلەی هەنووکەیی و چارەنووسسازەوە، وا دەزانین نابێت تەنها هەندێ شت ڕۆژەڤی سیاسی ئەم سەرکردایەتیە داگیر بکات. سەرکردایەتی لە خەباتی نەتەوەیەکدا دەبێ کاتی بۆ هەموو مەسەلە چارەنووسسازەکان هەبێت وە دەبێ کاتی ئەم سەرکردایەتیە تێری گشت مەسەلە بە یەکتر

گرێدراوەکان بکات.

٧-ئێمە چۆن پرۆژەی چارەسەری بە گرینگ دەزانین هەروەهاش وا دەزانین کە پرۆژەی یەکەمیشیان (پرۆژەی کۆنگرەی کوردستانی دەربارەی....) زۆر گرینگە بۆ خەملاندنی هەندێ تەسەوور و بۆچوونی کوردستانیانە لە مەڕ جیهانێکی پڕ لە گۆڕان، کە بەشێکی گرنگیان بە شێوەیەکی جیددی لە دەرگای نەتەوەی کورد دەدەن و بگرە بە شێوەیەکی چارەنووسساز دۆزی کورد پەیوەندیدار دەکەن!

## کوردستانیانی هێژا:

دەکرێ بۆ پشتگیریکردن لەم دوو پرۆژەیە رێگای جۆراو جۆر بگردرێتە بەر، بە پێی پێگە و توانا و دەرفەتی هەر کەسێك و لایەنێك. بلاوکردنەوە و قسە لەسەرکردنی پرۆژەکان دەکرێ یەکێك بێت لە شێوازەکانی پشتگیرکردن لە پرۆژەکان.

## تێبینی:

لکێندراو بەم ڕاگەیاندنە جگە لە دەقی نامە ئاڕاستەکراوەکان بۆ بەڕێزان تالەبانی و بارزانی، هەردوو پرۆژەی پێشکێشکراویش بەرچاو دەکەون.

لە گەل سلاوی کوردستانیانەی

دەستەیەك لە ڕوناکبیرانی کوردستانی

٢٠٠٥/٨/١٩ ٢٠٠٦/٦/٢٦

به خۆشحالێیەوە پێشوازی لە هەر پەیوەندی یان تێبینیەك دەکەین بەم ئیمایلەی خوارەوە (HYPERLINK mailto:runakbirani-krdistani@hotmail.com)

*ئەم رشاگەیاندنە بۆ یەکەم جار لە ٢٠٠٥/٨/١٩ بلاوکراوەتەوە و ئێستەش جارێکی تر، بەهەندێ گورشانکاری کەمەوە، بۆ جاری دووهەم بلاو دەبێتەوە. دەستەیەك روناکبیرانی کوردستانی.

## بەڕێز كاك مەسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان و سەرۆكی پارتی دیمۆكراتی كوردستان- عیراق

**سلاوێكی گەرم:**

**بابەت:**

**پـرۆژەی كۆنگرەیـەكی نیشـتمانی (كوردسـتانی) لـە ژێـر ناونیشـانی كوردسـتان و پـرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی مەزن.**

**بەڕێز:**

دەسپێشـخەریەكەی ولاتـە یـەكگرتوەكانی ئـەمریكا بـۆ چاكسـازی و ریفـۆرم و بلاوكردنـەوەی دیمۆكراسـی لـە ناوچـەی ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتی گـەورەدا هـەنگاوێكی دیپلۆماسـیانە و سـتراتیژییانە بـوو كـە لـە دەرگـەی هـەموو ولات و گـەلانی ڕۆژهـەلاتی ناوەراسـتی گـەورەیدا. هەڵبەتـە كوردسـتان بـە هـەموو پارچـەكانیەوە ڕێـك و ڕاسـت بەشـێكی گرنگـە لـە پێكهاتـە جیۆستراتیژیەكەی ئەم ڕۆژهەلاتی ناوەراستە. لەبەر ئەوە خەڵكی كوردستان نـەك هـەر مـافی خۆیەتی كە باس لەم پرۆژەیـە بكا، بـەلكو پێویستیشـە كـە لـە ئاسـتی سیاسـی سـتراتیژیانەی بزووتنەوە سیاسی (سیاسـیەكانی) كوردسـتان بـیرو بۆچـوون و پلانـی كـاری تایبـەت بـە خـۆی هەبێت بۆ شێوەی كار و هەڵسوكەوت كردن لەگەل (یا بە ئاڕاستەی) ئەم پرۆژەیە.

**بەڕێز:**

بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی سەرەوە، بە پێویستمان زانی کە ئەم پڕۆژەیە (لکێنراو بەم نامەیەوە) بخەینە بەر دەستی ئێوەی بەڕێز بەهیوای ئەوەی جێگەی ڕەزامەندیتان بێت و تا بکرێ دەستپێشخەری کۆنگرەیەکی کوردستانی بکەن بە مەبەستی تاوتوێکرنی پڕۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە لە گۆشەبینینی کوردستانییەوە.

**بەڕێز:**

وا لەخوارەوە بیرۆکەی کۆنگرەیەکی کوردستانی بە مەبەستی باس و خواس دەربارەی پڕۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی مەزن پێشنیار دەکەین، بە هیوای ئەوەی کە بیرۆکەکە جێگەی رەزامەندیتان بێت.

هەر سەرکەوتووبن:

کاردانەوەی ئەرێنی ئێوەی بەڕێز مایەی خۆشحاڵیمانە

## دووبارە سلاو و ڕێزمان

دەستەیەك لە ڕووناکبیرانی کوردستانی

ژوون، ٢٠٠٥

................

تێبینی: دەقی ئەم نامەیە و پڕۆژە لکێنراوەکە، لە هەمان کاتدا بۆ هەمان مەبەست، ئاڕاستەی بەڕێز مام جەلال تالەبانی، سەرۆك کۆماری عیراق و سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کراوە.

## بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سەرۆك كۆماری عیراق و سكرتێری گشتی یەكێتی نیشتمانی كوردستان

**سلاوێكی گەرم:**

**بابەت:**

**پــرۆژەی كۆنگرەیــەكی نیشــتمانی (كوردســتانی) لــە ژێــر ناونیشــانی كوردســتان و پــرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی مەزن.**

**بەڕێز:**

دەسپێشخەریەكەی ولاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا بۆ چاكسازی و ڕیفۆرم و بلاوكردنەوەی دیموكراسی لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورەدا هەنگاوێكی دیپلۆماسیانە و ستراتیژییانەی بوو كە لە دەرگەی هەموو ولات و گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەراستی گەورەیدا. هەڵبەتە كوردستان بە هەموو پارچەكانیوە ڕێك و ڕاست بەشێكی گرنگە لە پێكهاتە جیۆستراتیژیەكەی ئەم ڕۆژهەلاتی ناوەراستە. لەبەر ئەوە خەڵكی كوردستان نەك هەر مافی خۆیەتی كە باس لەم پرۆژەیە بكا، بەلكو پێویستیشە كە لە ئاستی سیاسی ستراتیژیانەی بزووتنەوە سیاسی (سیاسیەكانی) كوردستان بیرو بۆچوون و پلانی كاری تایبەت بە خۆی هەبێت بۆ شێوەی كار و هەڵسوكەوت كردن لەگەل (یا بە ئاڕاستەی) ئەم پرۆژەیە.

**بەڕێز:**

بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی سەرەوە، بە پێویستمان زانی کە ئەم پرۆژەیە (لکێنراو بەم نامەیەوە) بخەینە بەر دەستی ئێوەی بەڕێز بە هیوای ئەوەی جێگەی ڕەزامەندیتان بێت و تا بکرێ دەستپێشخەری کۆنگرەیەکی کوردستانی بکەن بە مەبەستی تاوتوێکردنی پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە لە گۆشەبینینی کوردستانییەوە.

**بەڕێز:**

وا لەخوارەوە بیرۆکەی کۆنگرەیەکی کوردستانی بە مەبەستی باس و خواس دەربارەی پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی مەزن پێشنیار دەکەین، بە هیوای ئەوەی کە بیرۆکەکە جێگەی ڕەزامەندیتان بێت.

هەر سەرکەوتووبن:

کاردانەوەی ئەرێنی ئێوەی بەڕێز مایەی خۆشحالّیمانە

**دووبارە سلاو و ڕێزمان**

دەستەیەك لە ڕووناكبیرانی كوردستانی

ژوون، ۲۰۰٥

تێبینی: دەقی ئەم نامەیە و پرۆژە لکێنراوەکە، لە هەمان کاتدا بۆ هەمان مەبەست، ئاڕاستەی بەڕێز کاك مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق، کراوە.

# کۆنگرەی کوردستانی دەربارەی
# کورد و
# پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی مەزن

پێشنیارکراو بۆ سەرکردایەتی سیاسی باشووری کوردستان

لە لایەن

( دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردستانی )ەوە.

ژوون، ٢٠٠٥

# کۆنگرەی کوردستانی دەربارەی
# کورد و
# پڕۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی مەزن

## بیرۆکەی کۆنگرەی کوردستانی خاڵی لێوەدەرچوون:

کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و هێرشە تێرۆریستیەکانی ١١ی سیپتێمبەری ٢٠٠١ و ئەو گۆڕانکاریە ستراتیژییانەی کە لە سیاسەتی ئەمریکا کەوتنەوە، ڕۆلێکی نوێی بەم زلهێزە بەخشی. ئەم ڕووداوانە و ئەم ڕۆڵە "تازەیەی" ئەمریکا بە هەندێ شێوازی تازەوە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورەی بە توندی پەیوەندیدار کرد.

ئەم ڕۆڵە تازەیەی ئەمریکا لە هەندێ بۆچوونی ستراتیژی تازە پێی هەلگرت کە گرینگترینیان ئەو باوەڕە بوو کە ئیتر دەبێ ئەمریکا پشتگیری بکا لە گەشەکردن و چاکسازی و ئەزموونی دیمۆکراسی لە ئەو ناوچەیەی کە پێیدەگوترێ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی مەزن.

خەلکی کوردستان، کە بەشێکی گرینگ لە دانیشتوانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی مەزن پێکدەهێنن، کێشە سیاسیەکەیان ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە نەك هەر بە باری ئاسایشی کۆمەلێك لە ولات لەم ناوچەیەدا بەلکو لە ڕاستیدا ئەم کێشەیە بە توندی پەیوەندیدار بووە بە مەسەلەی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ وپێشوەچوونی ئابووری و کۆمەلایەتی لەم ولاتانەدا، شێوەی ڕەفتارکردن لە گەل کێشەی کورد (بە مانای دۆزینەوەی ڕێگا چارە بۆ ئەم کێشەیە یا پێچەوانەکەی) دەتوانێ تا ڕادیەکی ئێجگار زۆر، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، ببێتە تاقیکردنەوەیەك لە ئەگەری سەرکەوتنی یا شکستی پرۆسەی چاکسازی و گۆڕانکاریە دیمۆکراسیەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی مەزندا، وە زۆر بە تایبەتیش لە عیراق و تورکیا و ئێران و سوریا. ئەم ڕاستیە دەبێ بەر هەر کەس و لایەنێك کورد خۆی بیزانێ و لە خیتابی دیپلۆماسیشیدا ئەم مەسەلەیە جخت بکاتەوە، بە تایبەتی کە باس دێتە سەر پڕۆژەی ئەمریکا هی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی مەزن.

لەبەر ئەوەی کێشەی کوردستان لە پێکهاتە فیکریەکانیدا، یا باشتر بلێین لە ماهیەتیدا، ڕاستەوخۆ پەیوەندیدار دەکرێ بە پێکهاتە فیکریەکانی پڕۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی مەزن (یا بە شێوەیەکی تر بلێین بە ئامانجەکانی ئەم پڕۆژەیەوە)، پرسیارێکی گرینگ لەم

پەیوەندیـیـەدا ئەوەیـە: ئایـا دەتـوانین بـاس لـە سـتراتیژ و بـیر و بۆچـوون و تەسـەووڕێکی کوردسـتنیانە بکـەین لـە مـەڕ ئـەم پـڕۆژەی ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتی مەزنـە؟ ئایـا دەکـرێ، لـە لەگۆشـەبینینی کوردسـتانیەوە، بـاس لـە شـێوەی هـەرە سودبەخشـی کـارکردنی خـەلکی کوردسـتان، بـە تایبـەتی بزافـە سیاسـیەکەی، لـە گـەل ئـەم پـڕۆژەی ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتی مەزنـەدا بکـەین؟ بـە بۆچـوونی ئێمـە کۆنگرەیـەك لـە ژێـر ناونیشـانی کوردسـتان و پـڕۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی مەزن، کە لەوێدا بۆچوونە سیاسـی و ئەکادیمیـە کوردسـتانیەکان بێنـە دەنـگ دەکـرێ زۆر یارمەتیـدەر بێـت بـۆ خەملانـدنی وەلامێکـی (یـا چـەند وەلامێکـی) کوردستانیانە بۆ ئەم پرسیارانە.

## هەندێ خاڵی گشتی:

١)کێشەی (کێشەکانی) کورد هەرچەندە تایبەتمەندیشی هـەبێت لـە هـەر ولاتێکی کـە کوردی تێدا دەژیێ، بـەلام دیسان لەیەکچوونێکی زۆر لـە کۆمـەڵێ خـاڵی بنەڕەتیدا وادەکات کـە لـە چوارچـیوەی بیرۆکـە و ئامانجـە بنەڕەتیـەکانی پـرۆژەی ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتی مەزنـدا بـە شـێوەیەکی یـەکبوو باسـی لێـوەبکرێ. راسـتیەکی حاشـا هەلنـەگر ئەوەیـە کـە پێشـکەوتنی کۆمەلایـەتی و ئـابووری و گەشـەکردنی دیمۆکراسـی و مـافی مـرۆڤ لـە ژمارەیـەك لـە ولاتـانی ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتدا بـە تونـدی و ڕاسـتەوخۆ پەیوەندیـدارن بـە کێشـەی کـوردەوە. بـە مانایەکی تر لەم ولاتانەدا ودەستهێنانی هەر پێشکەوتنێك لـەم هـەموو بوارانـەدا و پاراسـتنی ئەم پێشکەوتنە راستەوخۆ پەیوەستە بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەم ولاتانەدا.

٢)سـتراتیژی ئـەمریکا دوای ١١ی سـیپتێمبەری و بـە تایبـەتی پـرۆژەی ولاتـە یـەکگرتوەکانی ئـەمریکای ناسـراو بـە پـرۆژەی ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتی مـەزن و رووخـانی رژێمـی بـەعس و تێوەلکانی راستەوخۆی ئەمریکا لە گۆڕانکاریەکانی ناو عیراق دەرگای خستۆتە سەرپشت بـۆ گۆڕانکـاری تـرو فەراهـەمبوونی دەرفـەتێکی مێـژوویی زۆر لـە بـار بـۆ کـورد لـە باشـووری کوردستان. فراوانبـوونی پـەراوێزی ئـەم دەرفەتـە بـۆ ئـەوەی بـە شـێوەیەك یـا شـێوەیەکی‌تر بەشەکانی تری کوردستانیش بگرێتەوە بە دوور نابینرێ.

٣)لە چوارچێوەی پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستی مەزنـدا ئامـانجی سـەرەکی و گشـتی ئـەمریکا گۆڕانکاریە و بەرژەوەندی کوردیش رێك و راست لەگـەل ئـەم گۆڕانکاریانـەدا یـەکانگیر دەبێـت و بەرژەوەنـدی زۆریشـی لـەم گۆڕانکاریانـەدا هەیـە. ئـەوە لـە کاتێکدا کـە "دۆسـتانی دێرینـی ئەمریکا"، ئیسرائیلی لێدەرچێت، هیچیان بەم گۆڕانکاریانـە رازیـنین بـە بیـانووی ئـەوەی کـە گۆڕانکـاری دەبـێ لـە نـاوەوە بێـت. تورکیـا بـۆ نموونـە نیگـەرانی و نارحەتیـەکانی خـۆی لـە هەمبـەر هەوڵـەکانی ئـەمریکادا بـۆ گۆڕانکـاری لـە ناوەچـەدا نەشـاردۆتەوە، بـەلکو راشیگەیاندوون.

## میوانداریکرن و شێوەی کۆنگرە:

ئیمڕۆ لە کوردستانی مەزن، لە زیاتر لە ئاستێکەوە، چاو بڕاوەتە باشووری کوردستان باوەڕێکی ئەوهاش هەیە کە، بە شێوەیەك یا شێوەیەکیتر، باشووری کوردستان دەتوانێ یارمەتیدەربێت بۆ بەشەکانی تری کوردستان. لە لایەکی ترەوە، گرینگە ئەو راستیە لەبەر چاو بگیرێ کە خۆشبینیەکی زۆر لەم ئاراستەیەدا بەبێ لەبەر چاو گرتنی باری ژیۆپۆلیتیکی باشووری کوردستان دەتوانێ کورد دووچاری هەڵەی گەورە بکاتەوە. بەلام، لە لایەکی ترەوە، ئەو باوەڕەش کە دەڵێ باشووری کوردستان ناتوانێ هیچ رۆڵێکی هەبێ لە هەرنەبێ رێکخستنی پلاتفۆڕمێك، کە لەوێدا باس لە کوردستانی مەزن و پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی مەزن بکرێ، بۆچوونێکی رەشبینانەیە. بۆچوونێکی ئەوها جیهانبینیێکە کە گیریخواردوە لە قولایی راستیە ژیۆپۆلیتیکەکانی دوێنێی جیهان و کوردستان.

بە مانایەکی تر، ئیمڕۆ باشووری کوردستان هەرنەبێ دەتوانێ ببێتە ئەو جێگەیەی کە تیایدا کۆنگرەیەکی کوردستانی ببەسترێت کە تیایدا کورد بۆچوونەکانی بهێنێتە زمان دەربارەی پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستی مەزن و بە تایبەتی هەوڵی وەلامدانەوەی، جگە لە پرسیارەکانی سەرەوە، ئەو پرسیارەش بداتەوە کە ئایا کورد چۆن دەتوانێ کاریگەرانە و لە سەر بنچینەی خوێندنەوەیەکی دروست سوودمەندبێت لە ئاراستە سیاسی و ستراتیژیەکانی ئەو پرۆژەیە، وە چۆن دەتوانێ هاوکار بێت لە سەرکەوتنی پرۆژەکەدا بە شێوەیەك کە بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی پارێزراو بێت. بۆ ئەوەی کە لایەنی رەسمی( واتە دەسەلاتی سیاسی لە باشووری کوردستان) نەکەوێتە حاڵەتی ئیحراجی سیاسی و دیپلۆماسیەوە، دەکرێ دوو هێزی سەرەکی سیاسی لەو بەشەی کوردستان(پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکیێتی نیشتمانی کوردستان)، لە بڕی حکوومەتی کوردستان؟، میوانداری ئەم کۆنگرەیە بکەن. ئەگەر بێت و ئەمەش لە رووی سیاسی و دیپلۆماسیەوە ئیحراج بێت بۆ دەسەلاتی سیاسی لە کوردستان، دەکرێ کۆنگرە پێشنیارکراوەکە (وەکو پلاتفۆڕمێکی گفتوگۆ) لە چوار چێوەی چالاکیەکانی رێکخراوە جەماوەریە کوردستانیەکان یا خود زانکۆکانی کوردستانەوە رێکبخرێت.

## بابەتەکانی کۆنگرە:

ئەوەی راستی بێت دەکرێ لە چوارچێوەی پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی مەزندا باس لە زۆر شت بکرێ، کە هەمووشیان بە شێوەیەك یا شێوەیەکیتر خەلکی کوردستان و بزافە سیاسیەکەی پەیوەندیدار دەکەن، لەهەمووشیان گرینگتر مەسەلەی گەشەکردنی سیستەمی دیمۆکراسی و چاکسازی و پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەلایەتیە. لە هەمان چوارچێوەدا

دەكرێ باس لە كوردستان و سیستەمی نوێی جیهانی و گلۆبالیزم بكرێ. بە بۆچوونی ئێمە هەر سێ چەمكی پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی مەزن و سیستەمی نوێی جیهانی و گلۆبالیزم لە زۆر خاڵدا یەكدەگرنەوە و هەرسێك چەمكیش بە توندی نەتەوەی كورد لە كوردستانی مەزن، بە ئاراستەیەك یا بە ئاراستەیەكیتر، پەیوەندیدار دەكەن. هەر لێرەشەوە دەتوانین ئاماژە بەو بۆچوونە بكەین كە دەڵێ پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە، كەم یا زۆر، پلان و ئامرازێكی ئەمریكیە بە مەبەستی بونیادنان و بەرجەستەكردنی سیستەمی نوێی جیهانی و گلۆبالیزم بەو شێوەیەی كە ئەمریكا مەبەستیەتی و بەم مانایەش مەبەستی ئەمریكا ئاڕاستەكردنی پرۆسەی پێشوەچوونەكانە بەو ئاقارەی كە ئەمریكا خۆی دەیخوازێ.

## بەشداربوونی كۆنگرە:

ئەم بابەتە دەكرێ باسكردنی بۆ دواتر هەڵبگیرێ، چونكە ئەمە لایەنێكی تەكنیكی كۆنگرەكەیە. بەلام ئەوەی گرینگە لە بەشداربوواندا هەمەڕەنگی كوردستانی(جوگرافی و فیكری و سیاسی) هەبێ و زۆرترینی هێزە سیاسیە كوردستانیەكان و ژمارەیەكی پێویست لە ئەكادیمیستانی كوردستانی مەزن بەشداری تیادا بكەن. بە مانایەكی تر باشتر وایە كە ئەو خوێندنەوە و بیر و بۆچوونانەی كە
لە كۆنگرەكە دەكەونەوە بە یەكەوە گرێدانی بۆچوونە ئەكادیمی و سیاسیەكان بێت.

## ئامانجی( ئامانجەكانی ) كۆنگرە:

ئامانجی سەرەكی ئەم كۆنگرە پێشنیاركراوە زیاتر خەملاندنی خوێندنەوەیەكی كوردستانیانەی ئەم قۆناغە بێت و هەوڵدانێكیش بێت بۆ پیادەكردنی دیالۆكێكی كوردستانیانە( واتە دیالۆكێكی كوردی- كوردی) لە ئاستی سیاسی و ئەكادیمیدا، خوێندنەوەیەك كە لە ئاستی پێویستی گۆڕانكاریەكان و ئەگەرەكانی سبەینێ كە دەكرێ لە گۆڕانكاریەكانی ئیمڕۆ بكەونەوە یا بەردەوامی بن بۆیان.
دەكرێ ئەم كۆنگرە پێشنیاركراوە سەرەتایەكیش بێت بۆ كارێكی بەردەوام وەكو ئەوەی كۆنگرە لەم جۆرە هەر سالی یەك یا دوو سال جارێ ببەسترێت. دەشكرێ ئەم كۆنگرەیە خەملاندنی بنچینەك بێت بۆ كارێكی مەزنتر لە جۆری كۆنگرەیەكی كوردستانی كە هێزە سیاسیەكان و رووناكبیرانی بێلایەن لە خۆ بگرێ. دیارە بۆ فەراهەمبوونی ئەو ئامانجەی دواییان خواستێكی سیاسی بە تین و ئامادەیی و كارێكی زۆری پێویستە. هەروەها دەكرێ دەرهاوێشتەی كۆنگرەیەكی ئەوها ڕێخۆشكەر بێ بۆ زیاتر نزیكبوونەوەی كورد لە ئەمریكا.

**دەستەیەك لە ڕووناكبیرانی كوردستانی**
**ژوون، ٢٠٠٥**

## بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عیراق و سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

## سلاوێکی گەرم

### بابەت: پرۆژەی سیاسەتێکی کوردستانیانە لە هەمبەر کێشەی کورد و تورکیا.

### زۆر بەڕێز مام جەلال

شتێکی شاردراوە نیە کە ماوەیەکی زۆرە بە شێوەیەکی چڕ و راستەوخۆ کێشەی کورد لە باکووری کوردستان لە زۆر رووەوە تێکەل بە باری سیاسی و ئاسایشی باشووری کوردستان بووە. لەم بارەیەوە، دوای رووخانی رژێمی دکتاتۆری عیراق و، دواتر، جارێکی تر دەستکردنەوەی پکك بە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی دژی تورکیا، هەندێ ئەگەری نیگەرانئامێز هاتوونەتە گۆڕێ. ئەگەری ئەوەی کە عیراق هاوکاری بکات بۆ بەزۆر(لە وانەش بە هێزی چەك) دەرکردنی هێزەکانی پکك لە باشووری کوردستان دەتوانێ کۆمەڵێ دەرەنجامی زۆر نێگەتیفی لێبکەوێتەوە نەك هەر بۆ باکووری کوردستان بەلکو بۆ باشووری کوردستانیش، کە شاردراوە نین بۆ ئێوەی بەڕێز.

### بەڕێز

لەو شوێنەی دەسەلاتەوە کە ئێوە ئەمڕۆ کاری تیادا دەکەن دەرفەتێکی باش رەخساوە کە، بە پێچەوانەی ئاڕاستەی ئەگەرە نێگەتیفەکان، کارێکی ئەوها بکەن کە پێشوەچوونەکانی پەیوەندیدار لە باکووری کوردستان و دۆزی کورد لەو بەشەی کوردستان هەندێ شتی پۆسەتیف و ئەرێنی بە خووە ببینێ. بەم مەبەستەش، لکێنراو بەم نامەیەوە، پرۆژەیەك دەخەینە بەر دەستی بەڕێزتان بە هیوای ئەوەی کە جێگەی رەزامەندیتان بێت و بڕێك لە کاتی بەهادارتان تەرخان بکەن بۆ سەرخستنی ئەم پرۆژەیە.

چاوەڕوانی کاردانەوەی ئەرێنی جەنابتانین، بەڕێز.

**لەگەل ڕێز و سلاوی دووبارەمان**

دەستەیەك لە روناکبیرانی کوردستانی

ژوون،٢٠٠٥

تێبینی: دەقی ئەم نامەیە و پرۆژە لکێنراوەکە، لەهەمان کاتدا وە بۆ هەمان مەبەست، ئاڕاستەی بەڕێز کاك مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان- عیراق، کراوە

## بەڕێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان
## سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق

## سلاوێکی گەرم

## بابەت: پرۆژەی سیاسەتێکی کوردستانیانە لە هەمبەر کێشەی کورد و تورکیا.

## زۆر بەڕێز کاک مەسعود بارزانی

شتێکی شاردراوە نیە کە ماوەیەکی زۆرە بە شێوەیەکی چڕ و ڕاستەوخۆ کێشەی کورد لە باکووری کوردستان لە زۆر ڕووەوە تێکەڵ بە باری سیاسی و ئاسایشی باشووری کوردستان بووە. لەم بارەیەوە، دوای ڕووخانی ڕژێمی دکتاتۆری عێراق و، دواتر، جارێکی تر دەستکردنەوەی پکک بە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی دژی تورکیا، هەندێ ئەگەری نیگەرانئامێز هاتوونەتە گۆڕێ. ئەگەری ئەوەی کە عێراق هاوکاری بکات بۆ بەزۆر(لە وانەش بە هێزی چەك) دەرکردنی هێزەکانی پکک لە باشووری کوردستان دەتوانێ کۆمەڵێ دەرەنجامی زۆر نێگەتیڤی لێبکەوێتەوە نەك هەر بۆ باکووری کوردستان بەڵکو بۆ باشووری کوردستانیش، کە شاردراوە نین بۆ ئێوەی بەڕێز.

## بەڕێز

لەو شوێنەی دەسەلاتەوە کە ئێوە ئێمڕۆ کاری تیادا دەکەن دەرفەتێکی باش ڕەخساوە کە، بە پێچەوانەی ئاڕاستەی ئەگەرە نێگەتیڤەکان، کارێکی ئەوها بکەن کە پێشوەچوونەکانی پەیوەندیدار لە باکووری کوردستان و دۆزی کورد لەو بەشەی کوردستان هەندێ شتی پۆسەتیڤ و ئەرێنی بە خووە ببینێ. بەم مەبەستەش، لکێنراو بەم نامەیەوە، پرۆژەیەك دەخەینە بەر دەستی بەڕێزتان بە هیوای ئەوەی کە جێگەی ڕەزامەندیتان بێت و برێك لە کاتی بەهادارتان تەرخان بکەن بۆ سەرخستنی ئەم پرۆژەیە.

چاوەڕوانی کاردانەوەی ئەرێنی جەنابتانین، بەڕێز.

**لەگەل ڕێز و سلاوی دووبارەمان**

دەستەیەك لە ڕووناکبیرانی کوردستانی

ژوون،٢٠٠٥

تێبینی: دەقی ئەم نامەیە و پرۆژە لکێنراوەکە، لەهەمان کاتدا وە بۆ هەمان مەبەست، ئاڕاستەی بەڕێز مام جەلال تالەبانی، سەرۆك کۆماری عێراق و سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کراوە

# پرۆژەی چارەسەرییێکی ئاشتیانە بۆ کێشەی بوونی هێزەکانی (پکک) لە باشووری کوردستان و دۆزی کورد لە تورکیا

پێشنیارکراو
لە لایەن
(دەستەیەك لە ڕووناکبیرانی کوردستانی)ەوە
ژوون، ٢٠٠٥

# پرۆژەی چارەسەرییێکی ئاشتیانە بۆ کێشەی بوونی هێزەکانی (پکك) لە باشووری کوردستان و دۆزی کورد لە تورکیا

**(لە بەردەوامی ئەم نووسراوەدا وەك *پرۆژەی چارەسەری* ناودەبرێت)**

## بیرۆکەی پرۆژەی چارەسەری:

لە سەرەتادا دەتوانین بڵێین کە بە ئەگەری زۆر تێکەڵاو بوون و تێکهەڵکێشانی پێشوەچوونەکانی ئەم دواییانەی سیاسەتەکانی (پکك) و گۆڕانکاریەکانی ناو عیراق و هەروەها سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عیراق و بەرامبەر تورکیا و پرۆسەی سیاسی لە باشووری کوردستان قەیرانێکی سیاسی گەورەی لێبکەوێتەوە. ئێمە پێمان وایە بۆ ڕێگەگرتن لە سیناریۆ نێگەتیڤەکان (لەوانەش بەرەوڕووبوونەوەی سێقۆڵی چەکدارانەی عیراق و تورکیا و ئەمریکا لە بەرامبەر هێزەکانی پکك) لایەنی کوردی لە عیراق نەك هەر مافی خۆیەتی کە بۆچوونێکی تایبەت بە خۆی هەبێت بەرامبەر بە ئەگەرێکی ئەوها، بەڵکو بگرە پێداویستیەکی نەتەوەییشە کە لایەنی کوردی لەم وڵاتە ئەلتەرنەتیڤ و بۆچوونی تایبەت بە خۆیشی لەم بارەیەوە بە شێوەیەکی کارا و چالاکانە بخاتە بەر چاوی لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە تایبەتی لایەنی ئەمریکی وکاریشیان بۆ بکات.

ئێمە وا دەزانین بەڕێزان مام جەلال، وەك سەرۆك کۆمار، و کاك مەسعود بارزانی، وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەتوانن بە پێی ئەو کایە گرنگانەی کە هەیانە لە دەسەڵاتی سیاسیدا لە عیراق و باشووری کوردستان دەتوانن هەندێ بیر و بۆچوون بهێننە دەنگ بۆ ئەوەی ببنە مایەی هەرنەبێ ڕێگەگرتن لە هەڕەشەی سەربازی لە پکك و بگرە باسکردنیش لە هەندێ تەرتیبات و هەنگاوی ئاشتیانە بە رووی تەواوی دۆزی کورددا لە تورکیا. هەرچەندە ناکرێ باری ناسکی کورد خۆی لە باشووری کوردستان لەبەر چاو نەگیرێ، بەڵام دیسان پێداویستیەکی نەتەوەیی و هەنووکەییە کە لایەنی کوردی لە عیراق و کوردستان، بە تایبەتی بەڕێزان کاك مەسعود و مام جەلال، هەنگاوێکی ئاوها مێژوویی بهاوێژن.

هەندێ خاڵی گشتی:

١-ئاشکرایە کە، هەر نەبێ لە بیست ساڵی دواییدا، کێشەی کورد لە تورکیا، بە تایبەت چالاکیە چەکداریەکانی پکك لەو وڵاتە و بە تایبەتیش بوونی سەربازی ئەم هێزە لە باشووری کوردستان کۆمەڵێ دەرەنجامی راستەوخۆی لێکەوتۆتەوە، بە تایبەتی لە رووی ئاسایش و پەیوەندیەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستان لەگەڵ تورکیا و باکووری کوردستان.

٢-له دوای رووخانی رژێمی بەعس لە عێراق و زێدەبوونەوەی فشاری تورکیا بۆ سەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە مەبەستی مەجبوورکردنی هێزەکانی پکك بۆ ئەوەی باشووری کوردستان بەجێ بهێڵن و هاوکاتیش راگەیاندنی پکك، هی سەر لە نوێی خەباتی چەکداری، مەسەلەکانی ئەوەندەی تر ئالۆز کرد.
٣-شتێکی ئاشکرایە، بە تایبەتی لە ماوەی دواییدا، کە لایەنی عەرەبی لە دەسەڵاتی ناوەندی عێراق دەخوازێ یاریە کۆنەکانی هاوکاریکردنی رژێمی ئەنقەرە، بە مەبەستی لێدانی کورد، نوێ بکاتەوە. سەردانەکەی سەرۆك وەزیرانی عێراق(جەعفەری) هی ئەم دواییانە، ئەگەری هاوکاریکردنێکی سەربازی(تورکی – ئەمریکی – عێراقی) تا رادەیەکی زۆر هێناوەتە پێشێ!

## چەند پرسیارێکی گرینگ:

ئەگەر لایەنی عەرەبی لە عێراق باس لە هاوکاریکردنی تورکیا بکات بۆ دەرکردنی هێزەکانی پکك لە باشووری کوردستان (یا بە قسەی خۆیان لە عێراق)، ئایا بەرامبەر ئەوە دەکرێ باس لە بۆچوونێکی کوردیانە یا کوردستانیانەش بکەین بەرامبەر ئەم مەسەلەیە؟ ئایا بۆ ناکرێ، لە جیاتی بەکارهێنانی زمانی زەبر و زەنگ بۆ مەجبوورکردنی هێزەکانی پکك، پرۆژەیەکی بە ئاشتیانە چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە و کردنەوەی دەروازەیەك، ئەگەر کەمیش بێت، لەسەر رێگەی چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ مەسەلەی هێزەکانی پکك و کێشەی کورد لە تورکیا؟

## شێوەکانی چارەسەری:

لە هەر هەڵسوکەوتێك یا کاردانەوەیەکدا بەرامبەر بە هێزەکانی پکك لە باشووری کوردستان، بە تایبەتی بەو پێیەی کە تورکیا دەیخوازێ، سێ ئەکتەری سەرەکی رۆڵی سەرەکی دەبینن کە ئەوانیش (تورکیا و عێراق و ئەمریکا)ن. لە حاڵەتی پێچەوانەشدا، واتە دۆزینەوەی رێگە چارەیەکی ئاشتییانە بۆ مەسەلەی هێزەکانی پکك دیسان هەر ئەم سێ ئەکتەرە سەرەکیە رۆڵی هەرە گرنگیان دەبێت. لە ئەگەری دووەمدا دەکرێ سوود لە دیپلۆمەسیەتی یەکێتی ئەوروپاش وەربگیرێ. چۆنکە هەر پێشوەچوونێك لە کێشەی کورد دا لە تورکیا، یەکێتی ئەورۆپا پەیوەندیدار دەکات.
لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا هەوڵ ددەین بەشێوەیەکی کراوەتر ئەم مەسەلەیە روونبکەینەوە:
١)ئەوەی پێ دەگوترێ. ئەگەر لە ئالی پراکتیکیەوە بەرجەستە کرا، ئەوا دەتوانێ ببێتە جێگەی رەزامەندی دەسەڵاتدارانی تورکیاوە وەکو خاڵێکی " سەرکەوتنیش " بۆ ئەم دەسەڵاتدارانە لە قەڵەم بدرێ. لە لایەکی ترەوە لایەنی ئەمریکی لە پێشوەچوونێکی ئەوهادا

نەك هەر قازانج ناكات بەڵكو بگرە زەرەریش دەكات (تەنها سەركەوتنێك دەكرێ ئەوەبێ كە دەكرێ ئەوە نزیكبوونەوەیەكی سەر لە نوێ لە نێوان توركیا و ئەمریكادا بهێنێتەوە دی، دوای ساردییێكی زۆر لە پەیوەندیەكاندا). هەروەها ئەم شێوە چارەسەریە نەك هەر بۆ كورد لە باشووری كوردستان سوودمەند نابێت بەڵكو بگرە زۆریش زیانبەخش دەبێت. دواجار " چارەسەرییێك "، بەزۆری چەك، لەرووی رای گشتیەوە لەسەر ئاستی كوردستانی مەزن (لە هەموو پارچەكانی كوردستان) بە باشی بۆ دەسەلاتی سیاسی كوردی لەعیراق و باشووری كوردستان ناگەرێتەوە، بەڵكو بگرە بە زیانێكی گەورەش تەواو دەبێ. بێدەنگبوونی لایەنی كوردی لەعیراق بەرامبەر ئەگەری بەكارهێنانی زەبر و زەنگ بەرامبەر پكك،وە لەوەش خەراپتر بەشداریكردنی ئەم لایەنە لەكارێكی ئەوهادا، دەتوانێ بۆ كورد لە باشووری كوردستان پشتشكێن بێت لەرووی سیاسی و ستراتیژیەوە.

یەكێ لە دەرەنجامەكان ئەوە دەبێت كە مەوقفی كورد لە عیراق بەرامبەر بە لایەنی عەرەبی زۆر لاواز دەبێت. هەروەها كارێكی سەربازی بەرامبەر پكك لە سەر خاكی باشووری كوردستان رەواییەتی سیاسی دەسەلاتی باشووری كوردستان بە شێوەیەكی جیددی دەخاتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە،، وە بگرە زەرەرێكی زۆریش بەم رەواییەتە دەگەیێنی. بەمانایەكی تر بەكارهێنانی هێز بەرامبەر پكك، لە كارێكی هاوبەشدا لە نێوان عیراق و توركیا و ئەمریكا دا، دەتوانێ بە توندی ببێتە هۆی بالادەستبوون و بە هێزبوونی لایەنی عەرەبی لە عیراق و پەراوێزبوونەوەی سەر لەنوێی لایەنی كوردی لەم ولاتە(بە هەردوو رەهەندی ناوخۆیی و ئیقلیمیەوە). ئێمە بەم شێوەیە بۆیدەچین: ئەگەر كورد لە باشووری كوردستان بۆیشی نەلوێ كە دەستگرتنێكی پكك بكات لەو بارەی كە تێیكەوتووە، ئەوا بێگومان دەتوانێ هەر نەبێ كار بكات بۆ رێگەگرتن لە هەوڵی بە زۆری چەك دەركردنی پكك لە باشووری كوردستان وە بگرە پرۆژەیەكی تایبەت بەخۆیشی هەبێ لەم بارەیەوە.

٢)**<u>شێوەی چارەسەری دووەم هی چارەسەری ئاشتییانەیە</u>**. هەر چارەسەریەكی ئاشتییانە، كە دەوێدا دەروازەیەك بۆ پكك بكرێتەوە كە بەشێوەیەك یا بەشێوەیەكی تر تێكەڵاو ببێت بەكاریسیاسی یاسایی لە توركیا، پێویست بەهاوكاری سێ ئەكتەر دەكات كە ئەوانیش، هەر وەك لە سەرەوە گوترا، (توركیا و ئەمریكا و عیراق)ن. فەراهەمبوونی پێشوەچوونێكی ئەوها بێگومان دەتوانێ هەنگاوێكی مێژوویی بێت لە رێگەی چارەسەركردنی كێشەی كورد بە گشتی لەتوركیا. ئەوانەی كە سوودمەند دەبن لە پێوەچوونێكی ئەوهادا كوردە لە باكووری كوردستان و كوردە بەگشتی لە كوردستانی مەزن وە بە تایبەتی كورد لەباشووری كوردستان وە زۆر بەتایبەتیش سەركردایەتی سیاسی لەو بەشەی كوردستان. هەڵبەتە لەبەر ئەوەی لە پرۆژەیەكی ئەوهادا ئەركی هەرە گران دەكەوێتە ئەستۆی بەرێز مام جەلال و كاك

مەسعود، دەكرێ هەنگاوێكی ئەوها ببێتە مایەی یەكێ لە سەركەوتنە سیاسی و دیپلۆماسییەكانی بەرێزانیان.

زۆر گرینگە كە سەركردایەتی كورد لە باشووری كوردستان ئەوە بزانێ كە پێشوەچوونێكی ئاشتییانە لە باكووری كوردستان بە ئاراستەی چارەسەركردنی مەسەلەی كورد لەتوركیا، دەتوانی ببێتە سەرچاوە و هۆكارێكی گرینگی بەهێزبوونی بزاڤی سیاسی كورد لە باشووری كوردستان، هەوروەها لە حالەێكی ئەوها دا دەكرێ پێچەوانەی ئەوەی هێزەكانی پكك لە باشووری كوردستان وەك سەر ئێشەیەك و خالێكی لاوازی بێت، چارەسەرێكی ئاشتییانە بۆ مەسەلەكان دەتوانن ببنە هۆكارێكی زۆر گرینگی سەركەوتن بۆ دەسەلاتی سیاسی كوردی لە باشووری كوردستان لە پرۆسەی وەدەستهێنانی بێگەیەكی زۆر بەهێزی دیپلۆماسی و سیاسی لە سەر ئاستی عیراق و ئیقلیمی و جیهانیدا.

لایەنە پەیوەندیدارەكانی پرۆژەی چارەسەری ئاشتیانەو چی پێویستە بكرێ بۆ سەرخستنی پرۆژەكە:

سەرەتا ئێمە ئەو ڕاستیە باش دەزانین كەوا ئەم بەشەی پرۆژە تەواوی قورسایی هەوڵە سیاسی و دیپلۆماسییەكان لە خۆ دەگرێ. وا لە خوارەوە بە شێوەی چەند خالێك، كە هەر یەكێكیان باسكردنە لە شێوەی هەڵسوكەوتی هەر یەكێ لە ئەكتەرە سیاسیە پەیوەندیدارەكان، هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر ئەم حالە و وەلامی ئەو پرسیارەی سەرەوەش بدەینەوە:

١)**<u>ولاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا:</u>** لە ڕۆشنایی ئەو دوو خالەی سەرەوە دەكرێ بلێین كە، لەبەر ئەوەی ئامانجی ڕاگەیەندراوی ئەمریكا ئەوەیە كە توند و تیژی لە ناوچە كەم ببێتەوە و پرۆسەی چاكسازی و دیموكراتیزەكردن بەرەو پێش بڕوا، ئەوا لە بەرژەوەندی ئەمریكادا دایە كە پشتگیری لە پرۆسەیەكی ئاشتی بكات لە باكووری كوردستان. پشتگیرییەكی ئەوها دەبێتە مایەی سەركەوتنێكی سیاسی و دیپلۆماسیانە بۆ ئەمریكا لە ناو چەكەدا. ڕاستە كە هەولێكی ئەمریكا بۆ ئیقناعكردنی توركیا بۆ توندی هەلوێستێكی پوسەتیڤانە لە مەسەلەی كورد لە توركیا، كارێكی ئاسان نابێت، بەلام دەكرێ مومكینیش بێت. ئەوە لایەنی كوردیە، لەعیراق و لە باشووری كوردستان، كەدەتوانێ ڕۆلی سەرەكی هەبێ لە كردنەوەی ئەم دەروازەیە، واتە لە ئیقناعكردنی لایەنی ئەمریكیدا. دەبێ ئەمریكا لەوە بگا. یا ڕاستتر بلێین لەوە بگەیێنرێ، كە دەسەلاتی كوردی لەباشووری كوردستان بە هیچ شێوەیەك بەشداری كارێكی سەربازی ناكات دژی پكك و دژی هەر كارێكی سەربازیشە كە لە سەر خاكی ئەم بەشەی كوردستان ئەنجامبدرێ. وە دەبێ لەوەش بگەیێندرێ كە هاتنی هێزی سەربازی عەرەبی عیراقی بۆ باشووری كوردستان بەمەبەستی بەشداری لە ئۆپەراسیۆنێك بۆ دەركردنی هێزەكانی پكك.هەتا بگرە بە بێ بەشداریكردنی هێزەكانی پێشمەرگەش تیایدا،

بە زیانێکی مۆرالی وسیاسیانەی زۆر گەورە بۆ دەسەلاتیسیاسی کوردی لە عیراق و لە باشووری کوردستان تەواو دەبێ و لە بەر ئەوەش ئەم دەسەلاتە کوردیە، بە هیچ شێوەیەك و لە ژێر هیچ بیانۆیەك، ڕێگا بە پێشوەچوونێکی ئەوها نادات. دواجار دەبێ ئەمریکا لەوەش بگات کە تێوەلکانی هێزەکانی ئەمریکا لە ئوپەراسیۆنێکی سەربازی دژی پکك ئەرکەکانی ئەمریکا لە عیراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست قورستر دەکات و بگرە نیشانەی پرسیاریش دەخاتە سەر تەواوی سیاسەتەکەی لەم ناوچەیەدا: **ئیمرۆ ئەمریکا پێویستی بە هەموو هەولّ و تەقەلایەکە بۆ کەمکردنەوەی سەر ئێشیەکانی لە ناوچەدا نەوەك زێدەکردنیان.**

٢)**باشووری کوردستان:** ئاشکرایە کە ئەم بەشەی کوردستان بە قۆناغێکی یەکجار ناسکدا تێدەپەرێ و بە ئەگەری زۆریش بەرەورووبوونەوەی هەرە گەورە و چارەنووس ساز لە پێشمانەوەیە، زوو یا درەنگ ئەم بەشەی کوردستان بەرەوڕووی دیواری شۆڤینیزمی عەرەبی لە عیراق دەبێتەوە و ئەوەش دەبێتە هۆی قەیرانێکی گەورە و بگرە چارەنووسسازیش. ڕێك لەم کاتەدا تێکهەلّچوونێك لە نێوان هێزەکانی ئەمریکا و تورکیا و عیراق لە لایەك وە هێزەکانی پکك لە لایەکی ترەوە دەتوانێ، لە رووی سیاسی و ئاسایشەوە، ببێتە هۆی پشێوییێکی زێدەتر و کۆتاییەکەشە بە ئەگەری زیاتر بە زێدەبوونی بالادەستی تورکیا و لایەنی عەرەبی لە عیراق لە سەر باشووری کوردستان دەبێ. ئیمرۆ ، بە مانایەکی تر، دەبێ سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان بە ئەرکی خۆی بزانێ کە پەیامێکی ڕاشکاوانەوە، لە گۆشەبینینێکی کوردستانیانەوە ، دەربارەی بوونی هێزەکانی پکك لە باشووری کوردستان و شێوەی چارسەرکردنی ئەم کێشەیە و مەسەلە پەیوەندیدارەکان بخاتە بەر چاوی رای گشتی جیهانی و لایەنە پەیوەندیدارەکان وە بە تایبەتیش بەرچاوی دەسەلاتدارانی ئەمریکا. لە بەرامبەر ئەوەدا، هەلّوێستی خۆدزینەوە لەم کێشە و ئەرکە هەنووکەییە دەکرێ بە ئەگەری زۆر بە زیانێکی گەورەی ستراتیژی بۆ باشووری کوردستان تەواو ببێ!

٣)**پکك و هێزە سیاسیە دیموکراتی و مەدەنیەکانی دەرەوە و ناوەوەی باکووری کوردستان:**
شاردراوە نیە کە پکك لە سالانی دواییدا دووچاری شکست هاتووە، لەگەلّ ئەوەشدا وەك هێزێکی بەرهەلّستکار ماوەتەوە. پێویستە هەلّوێستی پکك و هێزە دیموکراتی و مەدەنیەکان لەبەر چاو بگیرێ لە گرەوی سەرکەتن یا شکستی هەر هەولێکی بە ئاشتیانە چارەسەرکردنی کێشە پەیوەندیدارەکان. ئەوەی کە بە تایبەتی لە سەر پکك پێویستە ئەوەیە کە ئەوپەڕی نەرمی بنوێنێ ئەگەر هات و هەر هەولّکی ئاشتییانە کەوتە بواری پراکتیکیەوە. ئەوان دەبێ بزانن کە بەردەوامە ئەم بارودۆخە دەتوانێ زیانی زۆر بگەیێنێتە پرۆسەی سیاسی لە باشووری کوردستان: هەر زیان و شکستێکیش لەوێ دەرەنجامێکی نێگەتیڤانەی دەبێ بۆ بەشەکانی کوردستانی مەزن. بۆ کارکردن بەئاڕاستەی پێشوەچوونێکی ئاشتیانەدا، وە بۆ

کارئاسانی پرۆسەیەکی ئەوها پێویستە بە تایبەتی پکک، هەندێ پەیام و هێما بە ئاراستەو مەبەستی سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەدا بنێرێ. هندێ پەیام و هێمای دبلۆماسیانەی لە بار دەتوانن، بەتایبەتی بۆ ئەمریکا، یارمەتیدەربن. وە ببنە مایەی گرینگیدان بە پرۆژەیەکی ئاشتیانە لە لایەن ئەم زلهێزەوە. هەوڵێکی ئاشتی خوازانە دەتوانێ کورد وباشووری کوردستان و ئەمریکا وهێزە ئاشتیخوازەکان بخاتە هەمان بەرەوە، ئەم خاڵە پێویستی بە تاوتوێکردنی زیاتر هەیە، بەڵام ئەوە دەکەویتە قۆناغێکی تر، ئەو کاتەی کە ئەم پرۆژەیە دەکەوێتە بواری قسە لەسەرکردن و پراکتیکیەوە.

٤)**عیراق** : دەکرێ هەر زوو بپرسین کام عیراق، لایەنی عەرەبی یا لایەنی کوردی لە دەسەڵاتی سیاسی لەم وڵاتە؟ لایەنی عەرەبی لە دەسەڵاتی سیاسیدا لە بەغدا، بە تایبەتی لە سەردانەکەی ئەم دواییانەی سەرۆك وەزیران (ئیبراهیم ئەلجەعفەری) دا بۆ ئەنقەرە، ئەوەی بە ئاشکرا پیشان داوە کە خوازیاری هاوکاریە بۆ دەرکردنی هێزەکانی پکك لە باشووری کوردستان (بەزمانی خۆیان لە عیراق). لێرەدا پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە، ئایا دەسەڵاتدارانی کوردیش لە بەغدا وە هەروەها دەسەلاتدارانی کورد لەباشووری کوردستان هەمان بۆچوونیان هەیە وە ئایا دەکرێ ئەسلەن باس لە بۆ چوونێکی کوردی لەم بارەیەوە بکەین؟ ئەگەریش بۆچوونێکی ئەوها بوونی هەبێت، ئایا بۆ تا ئێستا بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە و لە ئاستێکی رەسمی شایستەدا ڕانەگیێندراوە؟ لێرەدا گرینگە کە سەرکردایەتی کورد لە باشووری کوردستان، وە بە تایبەتیش نوێنەرانی کورد لە بەغدا لە ناوەندی دەسەلات، دەسپێشخەری بکەن و ئەلتەرنەتیفێکی ئاشتیانە بۆ کێشەکە راگەیێنن، بەر لەوەی کە کورد جارێکی تر درەنگ بکەوی: دەبێ لایەنی عەرەبی لە عیراق ئەوە بەشێوەیەکی راشکاوانە بزانێ کە کوردیش لەو وڵاتە پەراوێزێکی سیاسی و دیپلۆماسیان هەیە و لەمەسەلەی پکك و دۆزی کورد لە تورکیا بە زەروت وەکو لایەنی عەرەبی نا فکرێ و بگرە بۆچوونی تایبەتی خۆشی هەیە و ئەم بۆچوونەش هەڵقوڵاوی بەرژەوەندیە نیشتمانی و نەتەوییەکانی ئەم لایەنەیە. لەم بارەیەوە کورد لە باشووری کوردستان بەرەو رووی تاقیکردنەوەیەك (شێوەی هەڵسوکەوت لە گەڵ پکك و کێشە پەیوەندیدارەکان) بۆتەوە و پرسە چارەنووسسازەکەش ئەوەیە ئایا ئەگەر کورد لە عیراقی دوای دکتاتۆر خاوەن دەسەڵاتی حەقیقیە لە بەغدا، بۆچی بە راشکاوانە راینەگەیێنێت کە ئەویش خاوەن دەسەڵاتە و لە بیرکردنەوەی سیاسی و هەڵوێستە وەرگرتنیشیدا مەرج نیە وەکو لایەنی عەرەبی لە عیراق بفکرێ و بەڵکو بگرە دەشێت هەندێ جار دژایەتیش هەبێت لە تێڕوانین لە بۆ مەسەلەکان؟

٥)**تورکیا** : ئاشکرایە کە گرێی هەرە ئاڵۆز لە کێشەی کورد و تورکیا خوودی دەسەڵاتی ناوەندیە لەم وڵاتە. لە لایەکی ترەوە تورکیا خۆی بەر لە هەر وڵات و لایەنێك سوودبەخش دەبێت لە هەر دەرهاوێشتەیەکی ئاشتیانە لە کێشەی (تورکیا و کورد) دا. لە ڕاستیدا

چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا پەراوێزێکی یەکجار فراوانی سیاسی و دیپلۆماسی (روو لە کۆمەڵگەی جیهانی) بەم وڵاتە دەبەخشێت، بە تایبەتی لە پەیوەندیەکانیدا لە گەڵ ئەوروپا و بە دەستهێنانە خەونی دێرینی لە ئەندامبوون لەم یەکێتیەدا. بە هەر حاڵ دەتوانین بڵێین کە تورکیا ئەمڕۆ لە هەموو رۆژێك زیاتر پێویستی بەوەیە کە خاڵێکی پۆسەتیفی دیپلۆماسی بۆ خۆی تۆمار بکات لە رێگەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە. بە پلەی یەکەم ئەوە ئەمریکایە کە دەتوانێ وا لە تورکیا بکات کە هەنگاوێکی ئەرێنی بهاوێژێ بە ئاڕاستەی چارەسەری ئاشتیانە، بۆ کێشەی پکك و مەسەلەی کورد بە گشتی. بەم مانایەش کۆسپی هەرە مەزن لە بەردەم هەر پڕۆژەیەکی ئاشتی لە پەیوەندیەدا تورکیا خۆیەتی و ئیقناعکردنیشی فاکتەرێکی هەرە چارەنووسسازە بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیەی بەدەست.

## وتەی دوایی:

مەبەستی سەرەکی ئەم پرۆژەیە ئەوەیە کە، جیا لە بۆچوونی چارەسەری سەربازییانە دژی پکك، کە بەپلەی یەکەم هی تورکیایە و دەشکرێ بڵێین " هی لایەنی عەرەبیشە لە عیراق"، بۆچوونێکی کوردیانە یا کوردستانییانە بێتە دەنگ و لە پراکتیکیشدا کار بۆ وەسەرخستنی بکرێ. دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستان، بە تایبەتی لە ناوەندی دەسەڵات لە عیراق وە لە پێش هەمووشیانەوە مام جلال وەك سەرۆك کۆمار، دەرفەتی ئەوەی هەیە کە بە ئاڕاستەی خەملاندنی سیاسەت و دیپلۆماسیەتێکی ئەوها کە مەبەست وەسەرخستنی هەوڵێکی چارەسەری ئاشتیانەیە بۆ کێشەی کورد لە تورکیا بە گشتی وە مەسەلەی بوونی پکك لە باشووری کوردستان بەتایبەتی. پێشوەچوونێکی ئاشتیانە لەم ئاڕاستەیەوەیە دەتوانێ، لە زۆر ئاست و بە زۆر مانا، سوودبەخش بێت بۆ کورد ( بە پلەی یەکەم لە باشوور و باکووری کوردستان) و بۆ ئەمریکاش. هەڵبەتە رووداوێکی ئەوها ڕاستەوخۆ سوود بە تورکیایش دەگەیێنێ، ئەگەر دەسەڵاتدارانی تورکیا بخوازن شتەکان بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی کە هەیە ببینن. لە ڕاستیدا عیراقیش دەتوانێ زۆر سوودمەند بێت لەوەی کە چارەسەرێکی ئاشتیانە دەتوانێ عیراق لە زۆر ئاڵۆزی سیاسی و دیبلۆماسی بپارێزێ و زێتر تواناکانی تەرخان بکات بۆ پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و ئاسایشی ناوخۆیی. لەراستیدا خۆپاراستنی عیراق لە ئاڵوزیە ئیقلیمیەکان دەتوانێ زۆر یارمەتی دەربێت بۆ وەسەرخستنی هەوڵەکانی ئەمریکاش لەم وڵاتە و لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بگرە جیهان بە گشتی

**دەستەیەك لە ڕووناکبیرانی کوردستانی**
**ژوون، ٢٠٠٥**